کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 30-9-2007 2:17

## مەرگی ناوادەی مۆسیقارێکی بێدەنگ ... سالار تاوە گۆزی



بڕیار نەبوو بەمزووانە تۆ بمریت و
لەبەرچاوی منا ونبی...
هاوڕێم، هێشتا بەرلە مردن
زۆر شت مابوون لەبۆ وتن
کەچی هیچت نەوتوو ڕۆشتی.
وجودی تۆ
چ نهێنییەکی سەیری حەشاردا بوو!!
کەتامردیشی نەمانتوانی
پەی بەزێوانەکانی بەرین و
دەرگاکانی بخەینە سەرپشت
تا وەکو خۆت لەخۆت بگەین.
من دەمزانی
نهێنییەکی گەورەت لەناختدا
حەشار داوە و
ناتوانی گوزارشتی لێ بکەیت
بۆیە هەمیشە:
مات
بێدەنگ
خەمبار
کزۆڵ
گۆشەگیر
سۆفی
ڕیشدار
شەرمن
عاشق
گەڕیدە
لانەواز
ون
ئاوارە
غەریب بوویت و
کەس لێت نەدەگەیشت...
من دەمزانی تۆ
تەنها بەمۆسیقا دەتوانی
لەخۆت بدوێیت،
بەڵام نەیاندەهێشت
کەدووبارە بەڵێنی ژەنینی مۆسیقاشت دا بەمن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

شەهیدیان کردی.
ئاخ.. ! ئومێد
ژیان بەچ ئاقارێکی تریا بردی...
پەنجەکانی تۆ
بۆ ژەنینی تاری
ساز و
تاری دڵ و
تاری عود و
لێدانی سەمتوورەکەت و
ئەو زەربە دروست کرابوون
کەهەمیشە دەتووت:
(لەکاتی خەوتنیشدا لەباوەشی خۆما
دەیخەوێنم) .
پەنجەکانی تۆ لەبۆ ئەوانە بوون
نەك لەبۆ گرتنی بەلەپیتکەی تفەنگ
ئاخ! ئومێد
کە بەر لە شەهید بوونت
گەڕامەوە و
لەنۆماڵەکەی خۆتدا
بەدرێژی تۆم دوواند
چ ئومێدێکی گەورەم پێت بوو
من دەمویست لەڕێگای
مۆسیقاوە تۆ بەگەردوون
بناسێنم و
نهێنییە گەورەکەی ناخت
ئاشکراکەم.
من دەمویست کارێکت لەبۆ بکەم
تابتوانی ئەم گەردوونە مەست کەیت بەئاواز
لەگەڵ مۆسیقادا (فەنا) مان کەیت و
سەفەرێکمان پێبکەیت
بەناو ئەو جیهانە سەرسوڕهێنەرە
پڕ لەنهێنییەی ناختدا،
تا لێت بگەین.
بەڵام ئاخ.. !
چ قەدەرێکی شووم بوو
بەناوی خوداو دەقی پیرۆزەوە
ڕۆحی تۆی ئەنفال کرد و
ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نهێنییەکانتی خستە ژێر گڵ
چونکە دەتویست بەمۆسیقا دەریان بڕی
من تێناگەم... !
ئەمە چ خودایەکی سەیرە
ئەوانە لەبۆی دەجەنگن
کە ڕقی لە ڕۆحی مەخلوق و
مۆسیقا و
گۆرانی و
ئاشتی و
تەبایی و
ژیان و
جوانی
دەبێتەوە و
حەزی لە کوشتن و
شیوەن و
شەڕو
شۆڕە...
دواجار... ئاخ
دواجار چەند جەللادێکی دەشتەکیش
دەکاتە نوێنەری خۆی و
قابیز ئاسا بەدڕندانە ترین شێوە
ڕۆحمان لەگازەرەی پشت
یان لەنووکی پەنجەکانمانەوە دەکێشن
ئای... ئومێد
شەهید کردنی تۆ چ زیانێکی گەورەی لێداین... !!
ئەوان تەنها تۆیان شەهید نەکرد
بەڵکو لەناخی تۆدا هەزاران ئاواز
هەزاران بەیت
هەزاران ڕاز و نیاز
هەزاران نهێنی سەیر سەیر و
هەزاران پارچە مۆسیقایان شەهید کرد،
کە ئەگەر تۆمار کرابان
سەر لەبەر مانای ژیانیان دەگۆڕی.
ئەم گەردوونەیان دەخستە هەلەکە سەما،
ڕۆحی هەموومانیان ئاسوودە دەکرد.
ئەوان بەشەهیدکردنی تۆ
ڕۆحی ئەو کۆرپەیەشتیان شەهید کرد

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کە چەندین ساڵە خەوی پێوە دەبینێت و
ئێستا لەسکی دایکیدا
ئارامی لێبڕاوە و
هۆن.. هۆن دەگری و
بەبیستنی دەنگی گۆرانییە حەزینەکانی تۆ و
دەنگی نۆتەی مۆسیقاکەت نەبێت
مەحاڵە ژیر بێتەوە...
ئاخ... ! ئومێد
دەبێ ئەوانە چ خوایەکیان هەبێت
کە شەهیدیان کردی
تۆبڵێی خودای ئەوانە
هەمان ئەوخودایەی باوکت بێت.. !
کە وەك خۆی دەڵێت:
ئێجگار بەبەزەیی و
ئێجگار میهرەبانە و
ئێجگار بەندەکانی خۆی خۆشدەوێت
بۆیە تا شەوگارێکی درەنگ
نوێژی بۆ دەکات و
کڕنووشی بۆدەبات و
شەو و ڕۆژیش
لەبەری دەپاڕایەوە تا نیگاداری تۆبێت.
نا... ئومێد بڕواناکەم
ئاخر ئەم دوو خودایە لەیەك ناچن
جیاوازی نێوانی خوداکەی باوکت و
خودای ئەوانە
ئاسمان و ڕێسمانە...
چونکە بەبێدەنگی شەهیدیان کردی و
تاقە پرسیارێکیشیان لەخوداکەت
یان لەناسنامەی خۆت و باوکت نەکرد.
ئەو باوکە نوورانییەی کە هەموو بەیانییەك
بەر لە بەئاگاهاتنەوەی
ئەو دڕندانە
بەو پەڕی خشوعەوە
بەدەنگێکی پڕ لەبەرائەت
لەبڵندگۆی مزگەتەکانەوە
پێشوازی لەسپێدەیەکی نوێ دەکات.
ئاخ.. ! هاوڕێ گیان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 30-9-2007 2:17

چ هەواڵێکی دڵتەزێن بوو
هەواڵی مەرگی تۆ.. !!
هەر کە بیستم
جەرگی بڕیم
دڵم داکەوت
پشتم نەوی
ژینم شێوا و
شکا دەستم.
ئاخر ئەتۆ
پێت نەوتم
من لەدوای تۆ
بەبێ دەنگی مۆسیقاکەت
چۆن بتوانم
لەخەراباتی وجوددا
ڕێگای درێژی خۆم تەی کەم؟!
پێت نەوتم
من لەدوای تۆ
بەبێ دەنگی مۆسیقاکەت
لەگەڵ کێدا
کۆڕی شیعری خۆم ببەستم؟!
پێت نەوتم
کەتۆ مردی
من دەسپێریتە دەستی کی
ڕۆحت دەچێتە کام جەستە و
چیرۆکەکانی نێوانمان
لەکوێڕا کۆتاییان دی... !
هاوڕێم، هێشتا بەر لەمردن
زۆر شت مابوون لەبۆ وتن
کەچی هیچت نەوتوو ڕۆشتی
کەچی هیچت نەوتوو
ڕ...
ۆ...
ش...
ت...
ی...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2:17 30-9-2007

* پێشکەش بەڕۆحی بەرزەفڕی هاوڕێی دێرن و خۆشەویستم (شەهید ئومێد مەلا یوسف)، ئەو هاوڕێیەی کەبەبێدەنگ لەدایك بوو، بەبێدەنگ ژیاو، بەبێدەنگیش بەدەستی تیرۆریستان شەهید کرا، ئەو هاوڕێیەی کە....

هاوڕێی خۆشەویستم/ مامۆستا ئامانج
ب/ پرسەنامە
سڵاو وڕێز...

پرسە و سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی خۆت و سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەتان دەکەم بەبۆنەی شەهید بوونی هاوڕێی دێرین و برای خۆشەویستم (کاك ئومێد) کە هەمیشە جێگایەکی بەرز و دیاری لەناو دڵی مندا هەبوو، هاوڕێم من هەرچەندە بڵێم لەبارەی کاك ئومێدو خانەوادەی بەڕێزتانەوە کۆتایی نایەت، بریا دەمتوانی لەڕۆژانی پرسەکەیدا ئامادەبام وهاوبەشی خەمتان بام، بەڵام بەداخەوە من ئەو ماوەیەو هەتا ئێستاش سەرقاڵم بە تاقیکردنەوە و موعامەلاتی (ماستەر) ەوە و ناتوانم بگەڕێمەوە و بەبۆنەی دەوامەکانیشمەوە زیاتر سەرقاڵ بووم و ناتوانم مۆڵەت وەربگرم.
بۆیە زۆر داوای لێبووردنتان لێدەکەم، بێجگە لەوەش هەواڵی شەهید بوونی کاك ئومێد تووشی شۆك (یدمە) یەکی وەهای کردم کە نەمتوانی بگەڕێمەوە و گریان و فرمێسك بەڕوومەتی ئەندامانی خێزانێکەوە ببینم کە هەمیشە بەڕوویەکی گەش و پڕ لەخەندەوە پێشوازییان لێکردووم و هەروەهاش ڕاهاتبووم لەگەڵ بەڕێزتاندا.
من بۆ سەبووری ئێوەی بەڕێز و دەربڕینی ئەو هەست و سۆزەم بەرامبەر بەخانەوادە بەڕێزەکەتان لەلایەك و هەروەها بۆ دەربڕینی وەفا و خۆشەویستی خۆم بەرامبەر بەکاك ئومێدی جوانەمەرگ قەسیدەیەکم نووسیوە بەناوی (مەرگی ناوادەی مۆسیقارێکی بێدەنگ)، بەو هیوایەی کە جێگای ڕەزامەندی بەڕێزتان بێت، بڕیاریشم داوە ئەگەر جەنابتان ڕازی بن لەچلەی شەهید بوونی کاك ئومێد دا لە ڕووپەڕی ڕۆژنامە یان گۆڤارێکدا بڵاوی بکەمەوە بەو هیوایەی کە ببێتە مایەی ئاسوودەیی ڕۆحی پاکی کاك ئومێد و سەبووری جەنابتان. لەکۆتاییشدا هیوام سەلامەتیتانە.
لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزمدا....

هاوڕێت
سالار تاوەگۆزی/هەولێر

2007/9/ 28

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.